
هیوا ك:
لەبیرتە چی دەسوتێنی؟

ڕێبەری پێشانگا

کانونی یەکەم 16، 2020
تەممووز 24، 2021

ART JAMEEL جميل

www.jameelartscenter.org



A	ڕۆژنامەی مانگی	F	قەتیس
B	دیمەنێک لەسەرەوە	G	پێش وێنە (کوێر وەک زمانی دایک)
C	وێرانبوونی هاوبەش	H	لەبیرتە چی دەسوتێنیت؟
D	پرۆژەی زەنگ	I	ئەم لیمۆیە تامی سێو دەدات
E	قۆناغە ڕەنگینە کانی باوکم	J	شوقەی یەک ژووری

زۆرجار خەڵکی لێمدەپرسن
«بنکەت لە کوێیە؟»
«لەسەر پێیەکانم.»
«بنکەی پێیەکانت لە کوێیە؟»
«پێیەکانم هەرگیز بنەکەیان نەگرتووە.»

کارەکانی هیوا ك کە زۆح سووکیی و چیرۆکە خێزانییەکان و ئەزموونی تایبەتی خۆی تێدا بەرجەستە دەکات، کەشفی بیرۆکەکانی نامۆبوون، دەستەجەمعی و مێژووی لیبرالیزمی نوێ دەکەن کە لەناو عێراقدا بوونیان هەیە، هەروەها سێبەری فراوانی ناکۆکییە فرەکان کە باڵیان بەسەر وڵاتدا کێشاوە – بەتایبەتی لە شارەکەی زێدی خۆی لە سلێمانی.

«لەبیرتە چی دەسوتێنێت؟» ناوی پێشانگای تایبەتی یەکەمی هونەرمەندە لە ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە نمایشی ئەو کارانەیە کە لە ماوەی 13 ساڵی ڕابووردودا ئەفراندونی. پێشانگاکە بە کاری **رۆژنامەی مانگی** دەستپێدەکات – یەکێک لە کارە یەکەمینەکان کە لە کاتی گەڕانەوەی بۆ سلێمانی بەرهەمی هێناوە، لەپاش ئەوەی لە ساڵانی 1990 کاندا وەک پەنابەرێک بە پێ لە عێراق هەڵهات. پێشانگاکە لە پارکی پەیکەر (Sculpture Park) کۆتایی دێت بە دانانی کاری **شوقەی یەک ژووری** بە قەبارەیەکی گەورە، کە لە سەرەتادا ئەم کارەی بۆ پێشانگای دۆکیومێنتا 14 دانرابوو.

وەک کەسێک کە وانەی خۆیدابێت و لەخودی خۆیەوە فێربووبێت، زۆرینەی پراکتیزەی هیوا ك دەرگیری شێوازە دەستەجەمعیەکانی فێربوون و دروستکردنە و هەروەها ئەو مەعریفەیە پەسەند دەکات کە لەڕێی ئەزموونی رۆژانە و ڕووبەڕووبوونەوە کەسییەکانەوە بەدەست دێت زیاتر لەوەی لەڕێی کەناڵە فەرمی و ئەکادیمیەکان. لە کرۆکی ئەمەشدا پرساندنی بێهاوتایی ئەفرێنەرانەی پەیپێبراوی هونەرمەندەکە، بەپیشەییکردنی هونەرمەند و خوێندنی هونەرەکان ئامادەییان هەیە.

ئەوەی کە نێوەندی کارەکانی هیوایە، بەکارهێنانی ئاسۆیی و ستوونییە کاتێک بەسەر سیستمەکانی مەعریفە، بوونیادەکانی هێز و ئەزموونی ژینکراودا پیادە دەکرێت.

ئاسۆییبوون مانای بواریکی ڕوانین لە سەرزەمینەوە بۆ دەرەوە دەگەیەنێت؛ گوزارشت لە فۆرمە دەستەجەمعیەکانی بایەخپێدان، ئاڵوگۆڕ و پێکەوە فێربوون لەبارەی جیهانەوە دەکات. ئەم ڕوانگەیە کە ڕەگی لە ئێستا – ژینکردندا داکوتیوە، ئاشنایە بەو کەسانەی کە خۆیان دەبینەوە لەوەدا کە لەنگەرنەگرتوون، لە سیاقی نوێدان، ڕەنگە بەدوای پەناگەیەکەوە بن. ستوونیبوون زیاتر ئاماژە دەدات بە فۆرمە پلەبەندی، فەرمی و تاکەکەسییەکانی زانین و بوون لە جیهاندا؛ بۆ هونەرمەندەکە، ئەم ڕوانگەیە سیمبولی بوونیادە کۆمەڵایەتی و سیاسییە سەرمایەدارییە درەنگوەختەکانی ئێمەیە. ئەم بیرۆکانە لە کرۆکی ئەو دوو کارە ڤیدیۆییدان کە لەم پێشانگایەدا نمایش دەکرێن: **دیمەنێک لەسەرەوە** و **پێش وێنە (کوێر وەک زمانی دایک)**.

دڵنیاییەکی دیکە لە کارەکەی هیوادا کەشفی ئەوە بۆ گشتیەتی— ئەو فۆرمانەی کە لە پێداویستی ڕۆژانە و واقیعی سیاسی و ئابووریەوە ئەفرێنراون — لێرەدا کەشف کراون لەڕێی نمایشی **قەتیس** و **قۆناغە ڕەنگینە کانی باوکم**.

وێرانبوونی هاوبەش کارێکی دیکەیە لە پێشانگاکەدا— کە کارێکی نوێ و فرەڕووە بەتایبەت بۆ ئەم پێشانگایە نێردراوە. ئەم فەرشە لە گاڵەری 4 کەشفی ئەو بیرۆکەیە دەکات کە هەموو شارەکان هاوبەشی ئەزموونی وێران بوونن بەدرێژایی کات و بایەخی هونەرمەند کۆدەکاتەوە بۆ ستوونییبوون، ئاسۆییبوون و فۆرمە دەستەجەمعی و بەرجەستەکراوەکانی فێربوون.

پرۆسەی هیوا بۆ ئەفراندنی کار بەردەوامە و گوزارشت لە سروشتی هاوکارانەی پراکتیزەی هونەرمەندەکە دەکات و بەوە ناسراوەتەوە کە وەک خۆی دەڵێت «ڕێبازێکی داروینیە» یاخود پرۆسەیەکی پەرەسەندنی بەردەوام و بێ پلانە.

لە کاتێکدا چیرۆکی ژیانی و ئامادەبوونی فیزیکی هونەرمەندەکە سەنتەری پراکتیزەکەیەتی، ئەو باسی شتە کەسییەکان ناکات؛ لەبری ئەوە کارەکانی بەناو ئەو چیرۆکانەدا دەمانبەن کە سەبارەت بە کێشە هەرە چاوەڕوان کراوەکانی ئەم سەردەمەی ئێمەن.

هیوا ك: ئەوەت لەبیرە کە چی دەسوتێنیت؟ وەک کارێکی هاوبەشی لە سێ جێگەدا نمایشکراوە لەلایەن سەنتەری جەمیل ئارتس لەگەڵ گالەری هەگ لاین لە دبلین و گالەری پاوەر پلانت کۆنتێمپۆرەری ئارت لە تۆرۆنتۆ و هونەرمەند هیوا ك خۆی.

هیوا ك (لەدایکبووی 1975) لە نێوان سلێمانی، کوردستانی عێراق، و بەرلین لە ئەڵمانیا دەژی و کاردەکات. کارەکانی هیوا ك لە ڤیدیۆ و نمایش و پیشاندانەوە لە ئەزموونی کەسی ، کە چیرۆکی خێزانی تێدایە، و ڕێگای خۆی بۆ خوێندنی هونەر و ڕووبەرووبونەوە و ڕوداوەکانی ڕۆژانەی خۆی پێکدێت. کارەکانی هیوا ك لە پێشانگای گروپدا بەشداری کردوە لەنێویاندا دۆکیومێنتا 14، کاسێل ساڵی (2017)؛ 56 ڤێنیسیا بینیال کە لەلایەن ئۆکوی ئینوێزێرەوە میواندار کرا ساڵی (2015)؛ ئارت بێنیاڵی ئاسیایی، لەشاری تایپێی ساڵی (2019)؛ 21 کۆنتێمپۆراری ئارت بینیاڵ.

سێسک ڤیدیۆبراسی لەشاری ساوپاوڵۆ ساڵی (2019)؛ ئانرێن بینایڵ، لەشاری سیچوان ساڵی (2019)؛ یونچوان بینایڵ ساڵی (2018) و مۆما پس۱ لەشاری نیویۆرک ساڵی (2019). پێشانگا تایبەتیەکانی هیوا ك لەنێویاندا: کونستال مانهایم ساڵی (2019)؛ ئێس ئێم ئەی ك مۆزەخانەی غێنت ساڵی (2018)؛ کەی دەبلیو ئینستیتیوت ئۆف کۆنتێمپۆرەری ئارت ساڵی (2017) و کۆو گالەری شاری بەرلین (2016). کارەکانی لەساڵی 2019دا خەڵاتی هێکتەر پرێسی وەرگرت و لەساڵی 2016دا هەردوو خەڵاتی هونەری ئارنۆڵد بۆد و شێرینگ ستیفتونگ وەرگرتوە.

کۆراتۆری پێشانگا: نۆرا رازیان
لەگەڵ: ڕاهول گودیپودی
ڕێکخەری بەرهەم: ئەلیزێرت کۆلامبێل
بەڕێوەبەری ئۆپراسیۆن و ئای تی: بریێنت گالۆتێرا
وەرگێڕانی عەرەبی: ڕۆیا، موحەمەد عەبدوڵا
وەرگێڕانی کوردی: ئاسۆ خالید، بابان موحەمەد
گرافیکی پێشانگا: ڕۆمی بیتار




ڕۆژنامەی مانگی

2007

ڤیدیۆی کەنالّی تاک ئێس دی، 3:4، ڕەنگاوڕەنگ، دەنگ 16:12 خولەک

تایبەتە بەهونەرمەند

فیلمگیراوە لە شوێنی بەدناوی ئەمنە سووڕەکە یاخود بینای سووری ئاسایش کە شوێنی زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی دانیشتوانی کوردی عێراق بوو لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا لە ساڵانی 1970 کانەوە تاوەکو ئازادبوونی لە سەرەتای 1990 کاندا، ڕۆژنامەی مانگی بەدۆکیومێنتکردنی پرۆڤەیە بۆ نمایشێکی گشتی کە هەرگیز ڕووندات. لە ڕۆژنامەی مانگیدا، هونەرمەند هەوڵ دەدات سەما بکات لەسەر ڕیتمی ئاوازی ترپەی دڵی کە لەڕێی سەماعەی پزیشکیەوە دەبیسترێت کە بەستراوە بە سنگیەوە. کاتێک جووڵەی خێرا دەبێت ترپەی دڵیشی خێرا دەبێت، کە وادەکات پێکەوە ڕێکردنی هەردووکیان مەحاڵ بێت. لێدانی هەردووک پاژنەی پێ و ترپەی دڵی لەناو فەزاکەدا خوێندنەوەیەکی دەنگی بەرهەمدەهێنێت بۆ ئارکیتێکچەرەکە و هەروەها ئەو جەستە زیندووانە بەبیردەهێنێتەوە کە جارێک ئەم فەزایانەیان داگیرکردبوو و هەروەها ئەو ڕیتمە بەردەوامەی تووندوتیژی جەستەییش کە بەسەریاندا سەپێنرابوو.



هەروەها لەناو ڤیدیۆکەدا دەنگی چەکوشکاری و بیناکردن دەبیستین کە شایەتیدانە بۆ گواستنەوەی شوێنەکە لەوەی سەردەمانێک شوێنی تووندوتیژی و چەوسانەوە بوو بۆ شوێنی بەزیندووییڕاگرتن و یادەوەری — وەک مۆزەخانەی نیشتمانی عێراقی بۆ تاوانەکانی جەنگ. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، بیرۆکەی بەزیندووییڕاگرتن لە کارەکانی هیوادا بزرە: نمایشەکە هەرگیز بەدیقەتەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لەو گۆڕەپانە نمایش ناکرێت کە لێوانلێوە لە بەیادەوەریکردن؛ بەڵکو لەبری ئەوە کارە هونەرییەکە بەشێوەیەکی کاتی و ساتیی، جەستەی هونەرمەند دەئاڵێنێت لە ماتریاڵیبوونی شوێنەکە و دەنگدانەوەی ئەو جەستانەی بەر لەو لەوێ بوون.




دیمەنێک لەسەرەوە

2017

ڤیدیۆی ئێچ دی تاکە کەناڵ،9:16،
ڕەنگاورەنگ، دەنگ بە زمانی ئینگلیزی، 12 خولەک

تایبەت بە هونەرمەند



دیمەنێک لەسەرەوە، کە داینامیکیەتی دەسەڵات ڕوون دەکاتەوە کە لە نێو پڕۆسەی پەناهەندەیی بیرۆکراسی و ناکەسیی زۆر لە وڵاتە ئەورووپیەکاندا جێگیربووە، چیرۆکی م دەگێڕێتەوە کە ناچارکراوە تێگەیشتنی ستوونی شارێک بەرجەستە بکات کە لە سەرەوە بینرابێت بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا داواکاری بۆ پەناهەندێتی قبوڵ بکرێت.

لە ساڵی 1991دا، نەتەوە یەکگرتوەکان عێراقی دابەشکرد بۆ ناوچەی «سەلامەت» و «مەترسیدار»، باکوری عێراقیش (کوردستان) دانرا بە یەکێک لە ناوچە سەلامەتەکان. ئەمەش پڕۆسەی لێکۆڵینەوەیەکی نوێی دروستکرد کە تیایدا ئەوانەی داوای مافی پەنابەرێتییان دەکرد ناچار دەکران تاوەکو بیسەلمێنن کە ڕادەکەن لە ناوچەی مەترسیدار لەڕیی گێڕانەوەی وردەکاری شارەکەیان یاخود شارۆچکەکەیان، کە دواتر لەگەڵ نەخشەدا بەراورد دەکرا. جیاوازی نێوان شوێنێک کە لەخوارەوە بزانرێت و لەسەرەوە تەماشای بکرێت مانای وابوو کە زۆر لە داواکارەکان کە لەم ناوچە «مەترسیدارانە» رایان کردبوو دەرنەچوون لە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەی پرساندنا و دوابەدوای ئەمەش مافی پەنابەرێتیان ڕەتکرایەوە.

دیمەنێک لە سەرەوە هەموو سەری کاژێرێک پیشان دەدرێت، پاشان کاژێر 48:24. هەموو ڕۆژێک پشوو هەیە کاژێر ٤ بۆ 24.4 پاشنیوەڕۆ کە دەتوانیت ئەزموونی تێڕامانی ڕێبەریکراو بکەیت لەلایەن شونیامورتی کە لەڕێی هێدفۆنەکانەوە یاخود کۆدی کیو ئارەوە بەردەستە.



وێرانبوونی هاوبەش

2020

فەرشی رەنگکراو، دیمەنی بەغداد

لەلایەن ئارت جەمیلەوە


هیوا بەزۆری خۆی دەخاتە شوێنی هەوادارێک، فێرخوازێک و بایەخ بە بنکۆڵکردنی ئەوە دەدات کە چۆن فۆرمە دەستەجەمعی یاخود ئاسۆییەکانی ئاڵوگۆڕکردن و فێربوونی مەعریفە دەتوانن ئەو فەزایانە بکەنەوە کە فۆرمە زیاتر ستوونیەکانی کارلێککردن ئاڵۆز دەکەن یاخود ڕووبەڕوویان دەبنەوە هەروەک فۆرمە ئەکادیمی و دامەزراوەییەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە.

کاری وێرانبوونی هاوبەش کە دانراوە بۆ ئەم پێشانگایە، فەرشێکی گەورەیە کە دیمەنی لەسەرەوە تۆمارکراوی شاری بەغدادی لەسەر پرینتکراوە. فەرشەکە وەک فەزایەک وایە کە دەکرێت بەتەنها و بە دەستەجەمعیش لەسەری کۆببنەوە و لەگەڵ زنجیرەیەک ۆرکشۆپ، نمایشکردن و تێڕامان دەرگیربن کە بیرۆکەکانی سیستمی مەعریفەی ستوونی و ئاسۆیی، هەروەها ڕێگە بەرجەستەکراوەکانی زانین و پەیوەستبوون بە شوێنەوە کەشفدەکەن، و جێگەی کەسێک و جەستەی کەسێک لە فەزایەکی پێدراودا دەکاتەوە.


کارەکە درێژەپێدانی کارێکی ڤیدیۆیی پێشوتری هیوایە بەناوی «دیمەنێک لەسەرەوە»، گرتنەبەری ئەو بنکۆڵکارییەیە کە کارەکە دەیکات لە بوونیادەکانی دەسەڵاتی مەعریفەی کارگێڕی یاخود «فەرمی» دژ بەو مەعریفەیەی کە لە«خوارەوە» بەرهەم دەهێنرێت.

تێڕامانی دەنگی لەلایەن شوونیامورتی بەردەستە وەک بەشێک لە کارەکە، یان لە ڕێی سەماعەی بێوایەر یاخود لەڕێی کۆدی کیوئاڕ. زنجیرەیەکی بەردەوامی ۆرکشۆپ و نمایش و تێڕامان لەبەرنامەدایە لەماوەی پێشانگاکەدا.

تکایە بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە www.jameelartscentre.org



تکایە پێڵاوەکانتان داکەنن بەرلەوەی بەسەر فەرشەکەدا بڕۆن.




پرۆژەی زەنگ

2015-2007

پاشماوەی تەختە و کانزایی جەنگ.
نمایشی ڤیدیۆیی دوو-کەناڵ. ڤیدیۆی ئێس دی و ئێچ دی، 9:16، ڕەنگاوڕەنگ، دەنگ لەگەڵ ژێرنووسی ئینگلیزی، 25:35 خولەک و 29:25 خولەک

تایبەت بە کۆلیزیۆن لا گایا، بوسکا



تکایە داوای یارمەتی بکە ئەگەر خوازیاریت زەنگەکە لێبدەیت.

کارە هونەرییەکە بەناوی زەنگ (The Bell) کە بۆ 56 هەمین پێشانگای بینیالی ڤینیس(2015) دانراوە، دروستکراوێکی برۆنزە کە لە عێراق لە پاشماوەی چەک و تەقەمەنی بەکارهاتوو دروستکراوە، کە لێدەدات بە b flat ماینەر کۆرد. ئەو دوو ڤیدیۆیە پرۆسەی دروستکردنی زەنگەکە لە عێراق و ئیتاڵیا بەدۆکیومێنت دەکات.

پرۆژەی زەنگ، عێراق (The Bell Project, Iraq)، شوێنپێی نەژاد کە خاوەنی سکراپخانەیەکە هەڵ دەگرێت کاتێک خەریکی کۆکردنەوەی پارچە کانزاییەکانی چەک و تەقەمەنی بەکارهاتووە- لە مووشەک، بۆمب، فیشەک و مین- کە بەکارهێنراون لە سەردەمی جەنگ و ناکۆکیە زۆرەکان کە عێراق بەدرێژایی چەندین ساڵ بەخۆوەبینیونی. نەژاد شارەزایە لە مێژوو و بەکارهێنان و پێکهاتەی چەکە جیاوازەکان و دەتوانێت وڵاتی دروستکەری سکراپەکان و پێکهاتە کانزاییەکانیشیان بناسێتەوە.

ڤیدیۆی دووەم، پرۆژەی زەنگ، ئیتاڵیا (The Bell Project, Italy)، پرۆسەی هونەری لە قالبدانی زەنگە کانزاییەکە بەدۆکیومێنت دەکات لە وۆرکشۆپێکدا لە ئیتاڵیا کە بەدرێژای 700 ساڵ زەنگ دروست دەکەن. لێرەدا هونەرمەند باس لەو ڕێگایە دەکات کە لە سەردەمی جەنگە جیهانیەکاندا لە ئەورووپا، زەنگەکانی کەنیسە دەتوێنرانەوە بۆ ئەوەی بکرێنە چەک. لەم پرۆسە پێچەوانە کراوەی توانەوەی چەک بۆ زەنگ دروست کردن، هیوا شتێک بەرهەم دەهێنێت کە لەڕێی لێدانی سیمبولیانەی زەنگەکەوە یادی ئەو مردووە نەژمێراوانەی جەنگەکانی کەنداو بەزیندوویی دەهێڵێتەوە، هاوکات نۆتەیەکی موزیکی پەتیش بەرهەم دەهێنێت، b flat ماینەر کۆرد، لەو چەک و تەقەمەنییانەی سەردەمانێک گوێکانی لەتکردوە.

لە کاتی دروستکردنی زەنگەکە لە ساڵی 2015دا، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە پرۆسەی وێرانکردنی شوێنە مێژوویی و کارە هونەریەکاندا بوو لە عێراقدا، بەوانەشەوە کە لە ناو مۆزەخانەی موسڵدا بوون کە لە هەموویان دیارتر لاماسو بوو کە پێکهاتبوو لە پەیکەری فیگەرێکی پارێزەر لە سەری مرۆڤێک و جەستەی باڵداری گایەک. زەنگی کۆتایی رازێنراوەتەوە بە پاشماوەکانی پەیکەری لاماسو و پارچە شوێنەوارییە وێرانکراوەکانی دیکە، کە ئاماژەیە بە ناکۆکی بەردەوام لە عێراق و چاوپۆشیکردن لە بازرگانی نایاسایی بە کارە هونەریەکانەوە کە یارمەتی هەوڵەکانی جەنگی داعشیاندا.




قۆناغە ڕەنگینە کانی باوکم

2014

نمایشی ڤیدیۆیی فرە-کەناڵ لەگەڵ سێتی تی ڤی ڤینتاژ و پەڕەکاغەزی سیلفۆندا

تایبەت بە فرێدێریک دو گۆڵدسمیت کۆلێکشن، بڕۆکسل




«ئەمشەو فیلمەکە بە ڕەنگاوڕەنگی پەخش دەکرێت»

لە سەردەمی منداڵی هونەرمەندەکەدا لە کوردستانی عێراق، زۆربەی سێتەکانی تی ڤی بەتەنها وێنەی ڕەش و سپی پەخش دەکرد. لە کۆتایی 1970 کاندا، وێستگەی تەلەڤزیۆنی دەوڵەت فیلمێکی ڕەنگاوڕەنگی بۆ یەکەمجار پەخشکرد، کەلێنێکی لە دەرفەتی بینیندا دروستکرد لە نێوان ئەو شارانەی کە بەشی زۆری دانیشتوانەکەی عەرەب بوون و دەستیان بەو سێتە مۆدێرنانەی پەخشی تەلەڤزیۆنی ڕادەگەشت کە ڕەنگاوڕەنگ بوون، و شارەکانی هەرێمی کوردی کە تێیدا پەخشی تەلەڤزیۆنی هەر بە وێنەی ڕەش و سپی مایەوە.

وەک وەڵامێک بۆ ئەمە و لە حەزی بینینی فیلم بەڕەنگاوڕەنگ، باوکی هونەرمەندەکە بە پەڕەکاغەزی سیلفۆنی ڕەنگاڕەنگ شاشەی تی ڤیەکەی داپۆشی کە ڕەنگەکەیان و جێگەکەیان هەفتانە دەگۆڕان. ئەم پەڕەکاغەزانە سێتی زیادەیان بۆ کاراکتەری فیلمەکان دانا، کە فەزای ڕەنگی جیاوازیان لەکاتی جیادا لەماوەی پەخشی فیلمەکەدا داگیر دەکرد. دواتر هونەرمەندەکە بۆی دەرکەوت کە ئەم کردەیە بە هوو شاردا بڵاوبۆتەوە و هەموو خەڵکی شارەکە پەڕەی ڕەنگاوڕەنگیان بەکار دەهێنا بۆ تی ڤیەکانیان وەک فۆرمێکی دەربڕینی ناڕەزایی.

هەڵگیرسانی جەنگی ئێران-عێراق (1980-88) هاوکات بوو لەگەڵ فەراهەمبوونی سێتە تی ڤیە ڕەنگاوڕەنگەکان لە هەموو عێراقدا، ئاماژەی بە دەرکەوتنی سەردەمی وێنەگەری بەبریقوباقی ساڵانی هەشتاکان و واقیعی ناشیرینی گۆڕەپانی جەنگ دەکرد.



قەتیس


2009

نمایشی میدیایی تێکەڵاو

تایبەت بە لا کۆلیزیۆن لا گایا، بوسکا

قەتیس بەدوای چیرۆکی عەباسەوەیە کە کارەباچی و دروستکەری ئاریاڵە. عەباس کە لە شەڕی ئێران-عێراق (1980-88) ڕایکردوە، بەنهێنی دەژی و لەو ئاریالەی کە خۆی دروستی کردوە هەواڵ و خۆشیەکانی پێدەگات کە دەتوانێت سیگناڵی تی ڤیەکان وەرگرێت لە هەردوو لایەنی بەشەڕهاتووەوە. ئەمە کارێکی باو بوو لەو کاتەدا کە هەر لایەکی بەشەڕهاتوو بەتەنها هەواڵی سەرکەوتنەکانیان پەخشدەکرد- بۆ ئەوەی ئاگایان لە قەدەری خزمەکانیان بێت کە رەنگە بریندار بووبن یان کوژرابن یاخود دەستگیرکرابن، ئاریاڵی وەک ئەمەی عەباس بەکار دەهات بۆ ئەوەی سیگناڵی تی ڤیەکان وەرگرێت کە لە لاکەی دیکەوە دەهات. وشەی قەتیس ئاماژەیە بە شتێک کە گیریخواردووە و ناکرێت پاڵی پێوە بنرێت یاخود ڕابکێشرێت.

هەروەک کارەکانی **ڕۆژانی ڕەنگینی باوکم و شووقەی یەک ژووری**، ئەم کارەش مامەڵە لەگەڵ فۆرمە گشتیەکاندا دەکات کە لەڕێی پێداویستی کەسیی یاخود پێداویستی ئابووریەوە ئەفرێنراون و لەناو واقیعێکی سیاسی تایبەتەوە سەری هەڵداوە. لەم حاڵەتەدا، ئەم فۆرمانە لە پێکداچوونی ئارەزوو، ترس، تۆندوتیژی سیاسی و میدیای سەردەمی خۆیەوە سەرهەڵدەدەن.






پێش وێنە (کوێر وەک زمانی دایک)

2017

ڤیدیۆی تاک کەناڵی ئێچ دی، 9:16،
ڕەنگاوڕەنگ، دەنگ بە زمانی ئینگلیزی و کوردی، 17:40 خولەک

تایبەت بە هونەرمەند



«ئەوەی کە لە ساتی شپرزەییدا دەیبینیت پێش وێنەیە؛ وێنەیەک هێشتا بەتەواوی دروست نەبووە.»

کارە هونەرییەکە بەناوی پێش وێنە (کوێر وەک زمانی دایک) سەرلەنوێ باسی ئەو سەفەرە دەکات کە هونەرمەند بەپێ بڕیویەتی کاتێک لە ناوەڕاستی 1990 کاندا لە کوردستانی عێراق هەڵهات. ئەم سەفەرە درێژ و مەترسیدارە – کە پێنج مانگ و دوو ڕۆژی خایاند و بەنێو ئێران، تورکیا، یۆنان، فەڕەنسا و ئیتاڵیادا تێپەڕی – «ئەزموونێکی شوێن و کات» بوو هەروەها «شکاندنی ئەزموونی شوێن و کەلتور» بوو. هەر وێستگەیەک بەدرێژایی ڕێگاکە، ئیدی شارێک یاخود شارۆچکەیەک بێت، بەشکاوەیی ئەزموون کرا و هەمیشەش لەخوارەوە- بەبێ ڕوانینێک لەسەرەوە.

لەم کارەدا، هونەرمەند ئامرازێکی هاوسەنگکردن بەکاردەهێنێت کە چەندین ئاوێنەی ماتۆڕی پێوەیە، بۆ سەرلەنوێ ئەفراندنەوەی ئەزموونی بێ ئاراستەی شوێن و کات کە لەلایەن هەموو ئەوانەی هەمان سەفەریان کردوە ئەزموون کراوە. ئاوێنەیەک ئەوە پێشان دەداتەوە کە لەپێشەوەیە، یەکێکی دیکە ئەوەی کە لەدواوەیە، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە هونەرمەند و دەورووبەرەکەی پیشان دەدەن. بۆ ئەوەی بەرەوپێشەوە بڕوات دەبێت ئامێرەکە هاوسەنگ و کۆنترۆڵ بکات، ئاماژەدان بەو کۆششەی کە پێویستە بۆ ئەوەی بەردەوام بیت و خۆت لەگەڵ سیاقە نوێیەکاندا بگونجێنیت.




لەبیرتە چی دەسوتێنیت؟

2017-2011

ڤیدیۆی ئێچ دی تاکە کەناڵ، 9:16، ڕەنگاوڕەنگ، دەنگ بە زمانی کوردی، 42:4 خولەک

تایبەت بە هونەرمەند

دیمەنی کارەکە بە ناوی ئەم لیمۆیە تامی سێو دەدات لە هەمان ساڵ و شوێندا گیراوە – سەرای ئازادی – هونەرمەند خوێندکارانی داوەتکردبوو تاوەکو ئەو کتێبەی خۆیان هەڵیدەبژێرن بیهێنن و بە بێدەنگی بە زەڕەبین بیخوێننەوە، کە تیشکی خۆرەکەی دەخاتەسەر و پیت بە پیت ناوەڕۆکەکەی دەسڕێتەوە. هەروەها کارەکە کارلێکە پلان بۆ دانەنراوەکان بە دۆکیومێنت دەکات کە ئەم کردارە دەکرێت پرسیار لە فەزای گشتیدا دروست بکات.





ئەم لیمۆیە تامی سێو دەدات


2011


ڤیدیۆی ئێچ دی تاکە کەناڵ، 9:16، ڕەنگاوڕەنگ، دەنگ بە زمانی کوردیە، 13:26 خولەک

تایبەت بە هونەرمەند

ئاوازی پارچە موزیکی «ئەو پیاوەی کە هارمۆنیکای پێیە» لە دانانی ئێنیۆ مۆریکۆن – موزیکی فیلمی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕۆژئاوا – تێکەڵ بە دەنگی داواکاریەکانی خۆپێشاندەران دەبێت لە یەکێ لە ڕۆژانی کۆتایی خۆپیشاندانی چەند مانگەی دژ بە حکومەت لە سلێمانی. لێرەدا هونەرمەند، هیوا دەبینین هارمۆنیکا دەژەنێ و دەستبەجێ تەداخول دەکات و بەشداری لە خۆپیشاندانەکەدا دەکات- تۆنی میلۆدی هارمۆنیکای هیوا و ئەو گیتارەی هاوکات دەژەنرێت، ئەوانی دیکە بۆ بەشداری کردن لە خۆپیشاندانەکەدا هان دەدەن.

ئەم تەداخولە ئامادەکاری بۆ نەکرابوو بە کامێرا تۆمار بکرێت، بەڵکو گرتەکانی دیمەنەکە پاشتر لە کامێرا مانێک و ئەو ڕۆژنامەنوسانەی کە لە شوێنەکەبوون وەرگیراون و کۆکراونەتەوە. ناونیشانی کارە موزیکییەکە ئاماژە دەدات بە گازی کیمیایی کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەکارهێنرا دژبە شاری هەڵەبجە و ناوچە کوردیەکانی دیکە کە زۆر لە ڕزگاربووان تێبینی ئەوەیان کردبوو کە بۆنی سێو دەدات.






شوقەی یەک ژووری

2017-2008

نمایشی تێکەڵاوی میدیایی؛ پرۆتۆکۆل، تەختە، چیمەنتۆ، کانزا

تایبەت بە هونەرمەند



شوقەی یەک ژووری بەشێکە لە زنجیرەیەکی کاری گەورەتر لە لایەن هونەرمەندەوە کە بیرۆکە گۆڕاوەکان سەبارەت بە جڤات و وردکردنەوەی ژیانی دەستەجەمعی بنکۆڵ دەکات- هەر لە پیادەکردنی سیاسەتی ئابووری لیبرالی نوێوە لە ساڵانی 1970 کانەوە تاوەکو ئابووری «لەناکاوی بازاڕی ئازاد» کە بە عێراق بەخشرا پاش جەنگی ئەمەریکا-عێراق ساڵی 2003.

شوقەی یەک ژووری کە لە بنەڕەتدا لە ساڵی 2017 بۆ پێشانگای دۆکیومێنتا ١٤ دانرابوو، پێکهاتووە لە سەرلەنوێ بیناکردنەوەی خانوێەکە کە بەم دواییانە دروستکراوە لە نزیک کێڵگەکانی مینەوە لە کوردستانی عێراق. تاکەکەسی دانیشتووی خانوەکە، فۆرمە نوێیەکانی ژیانکردن گەورە دەکات کە بە عێراقدا بڵاودەبێتەوە لەپاش جەنگەکانی کەنداو و سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی ئابووری کە بەدوایاندا هات. کارەکە بارودۆخی کوردستانی عێراق دەبەستێتەوە بەو شوێنانەی دیکەی جیهان کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی-ئابووریانەی تێیاندا ڕووەدات. هەروەک لە بەشی زۆری کارەکانی هیوادا دەبینرێتەوە، ئەم کارە ئاماژە بەو فۆرمانە دەدات کە بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانەمان، پێداویستییە ئابووریی یاخود کەسییەکان تێیاندا ڕەنگ دەداتەوە و پەیوەستە بە واقیعێکی سیاسی تایبەت.

ئەم کارە بەشێکە لە پێشانگای هیوا ك: تۆ لەبیرتە چی دەسوتێنی؟
لە ئاستی ای سەنتەری ئارت جەمیل.

پێشانگاکە لە 16ی کانوونی یەکی 2020 وە دەستپێدەکات تاوەکو 24ی تەموزی 2021.